## حەمەی حەمە سەعید

# " سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە لە ئەستۆی مندایە "

دیداری ئیسماعیل عوسمان

**تایبەت بە ڤین : دوابەدوای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی (( 3/16 ))ی شاری هەڵەبجە و سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە، بەدوای ئەو ڕووداوەدا چەندین ڕاوبۆچوونی جیاواز هاتە ئاراوە، لەناو حکومەت و یەکێتیشدا کە حیزبی دەسەلاتداردی ناوچەکەیە دەنگۆی جیاواز هەیە، زۆرێك لە ڤینو گومانەکانیش لەسەر ئەو ڕووداوە ڕوبەڕووی بەرپرسی یەکەمی ناو یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوونەوە لەو ناوچەیە کە بەڕێز(( حەمەی حەمە سەعید ))ە، لێپرسراوی مەڵبەندی نۆی شارەزوور، بۆ زیاتر بەدواداچوونی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەستن بە بەڕێزیان و دەرهاویشتەکانی ئەو ڕووداوە. ڤین ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازکرد.**



(500) کەسی ڕێکخستنمان ناردە ناو خۆپیشاندەرانەوە

**ڤین : تێڕوانینی بەڕێزتان دەربارەی خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجە چییە؟**

حەمەی حەمە سەعید : خەڵکی هەڵەبجە پێویستی بەیارمەتیدان و هاوکارییە و حکومەتی هەرێمیش لەماوەی ساڵێکی بودجەی خویدا لە250 ملیۆن دینار، حەفتا ملیۆن دیناری بۆ خەڵکی هەڵەبجە دابینکردووە کە لە بودجەی گشت شارو شارۆچکەکانی تر زیاترە. هەرچەندە هەموو حیزبە سیاسییەکان وەکیەك بانگەشە بۆ کارەساتی هەڵەبجە دەکەن بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری خۆیان، دەبێت وەکیەکیش خزمەتی بکەین، حیزبەکانی تر تەنها قسەفرۆشتن و هەڵوێستی سیاسیان بەرامبەر هەڵەبجە هەیە و ئاوەدانکردنەوەشی خراوەتە ئەستۆی یەکێتی، ئێمەش هەڵەبجەیین و کەسوکارمان شەهیدە و خزمەتی پێویستمان کردوە.

**ڤین : بەڵام خەڵکی گلەیی لەوە دەکەن کە ئەو پرۆژانەی پارەیان بۆسەرفکراوە و دیار نیین ؟**

حەمەی حەمە سەعید : پرۆژەکانی ئێمە دیارن، چ ئەوانەی لە ژێر زەویدا کردومانن و چەندین پرۆژەی تریش، بەڵام ئیهمالی لە بەڕێوبردنی کارەکاندا کراوە، هەڵەبجە هەرچی بۆ بکرێ هێشتا کەمە ئێمە وەك یەکیەتی بەردەوام قسەمان لەسەر ئەوە کردوە.

**ڤین : ئەگەر باسی ڕووداوەکەی هەڵەبجە بکەین ئێوە حیزبەکانی تر بەوە تۆمەتبار دەکەن کە لە پشت ئەو خۆپیشاندانەوە بوون، بەلاّم ئەوەی کە بینیمان لەناو جەماوەردا، ئەندام و لایەنگرانی یەکێتیشی تێدا بوو ؟**

حەمەی حەمە سەعید : پێشتر و حەوت مانگ لە کۆبونەوەیەکی سەرۆکی کۆمەڵەی بەگژاچونەوەی چەکی کیمیایی لەگەڵ کاك ((عومەر فەتاح ))دا سەرۆکی ئەو کۆمەڵەیە بە سەرۆکی حکومەتی وت " ئێمە ناهێڵین فێستیڤاڵی هەڵەبجە بکرێتەوە " لەو کاتەوە کۆمەڵێ گروپ و بیروبۆچوونی سیاسی کاریان بۆئەوە کردووە کە یادی هەڵەبجە نەکرێتەوە، کە کۆمەڵێ خەڵك و لایەنی هاوپەیمانی سیاسیشی تێدا بوو، مەبەستیش لێی شکاندنی یەکێتی بوو لە ناوچەکەدا، هەر جوڵە و ئاژاوەگێڕییەکیش بۆ تێکدان خزمەتە بە دوژمنانی کورد. لەو ڕۆژەشدا خەڵك هەبوو داوای ڕەوای کردووە و ئێمەش پشتگیریمان لێکردوە، من خۆم لەناو خۆ پیشاندانەکاندا لە مەرزەبۆتۆوە تا نزیك مەزارەکە ئاگاداربووم، سکرتێری حیزبی سیاسییم بینیوە کە ئیعازی بە خەڵك داوە بۆ پەلاماردان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە کادێران و لایەنگرانمانی تێدا بووە، ئەمەش بۆ ئەوە نەبووە کادێرانمان بۆ سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە ڕۆیشتبن، تەنها ئەو دە کەسە لەوکارە بەرپرسن کە دیار و ئاشکراشە سەر بە چ گروپێکی سیاسیین.

**ڤین : ئێوە دەڵێن سکرتێری حیزبێکی سیاسی تێدا بووە پێتوانیە ئەو لایەنانەی لەدەرەوەی ئیدارەی یەکێتین دەستیان هەبێت لە کێشەکەدا ؟**

حەمەی حەمە سەعید : من ناڵێم بە بەرنامە و تەوجیهی سیاسی کراوە، بۆ نمونە زۆرترین ئەندام و لایەنگرانی پارتی تێدا بووە و هانی خەڵکیان داوە بۆ ڕێپێوانەکە و شتێك نییە حاشای لێبکرێت. لە کەناڵی زاگرۆسدا بەرپرسی لقی دوانزەی پارتی باس لەوە دەکات کە هەموو حیزبەکان ئەم کارەیان کردووەو داوای ڕەوای خۆیانە و

یەکێتی حەقی نییە تەقەیان لێبکات، بەڵام سەرۆکی حکومەتی ئیدارەی هەولێر سوتاندنی مۆنۆمێنتەکەی بەکارێکی ئاژاوەگێری وەسفکرد و ووتی دەبێت سزاو لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا بکرێت ئەوکارەیان کردوە. من بۆخۆم بانگهێشتی بەرپرسانی یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامییم کردووە بێنە ئەوێ لەگەڵ ئێمەدا بۆ ئەوەی کە لایەنگرانیان نەتوانن خۆپیشاندانەکە بەرەو ئاقارێکی خراپ بەرن، لەدەسپێکردنی خۆپیشاندانەوە تا کۆتایی هەموو حیزبە سیاسییەکانی تێدا بوو، دواتر لە کۆبوونەوەکاندا خۆشیان ئیدانەی ئەو کارە دەکەن. سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە تەنها خزمەتی بە بێگانە کردووە، لە کاتێکدا کۆڵن پاوڵ دێتە ئەوێ دەڵێت " دەبێت ئەم گەلە حەقی خۆی بدرێتێ " خەڵکی دەڵێن جێی پارە پەیاکردنی یەکێتی و ئارەق خواردنەوە بووە، لەکاتی سوتاندنیشیدا چەند کەسێك سوجدە دەبەن و (( لااله الاالله )) دەکەن .

لڤین: دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە سەرکردایەتی یەکێتیدا بڕیاردراوە چەند بەرپرسێکی یەکێتی لە ناوچەکەدا لەسەر کەمتەرخەمییان سزا بدرێن و لە پۆستەکانیان لابرێن، پێتوانیە ئەو سزادانە ئێوەش دەگرێتەوە ؟

حەمەی حەمە سەعید : ئێمە ئامادەین کە هەرکەسێکی سیاسی (( حکومی و حیزبی )) ئیهمالی کردبێ تاوەکو ئاژاوە و پشێوی رووبدات و خەڵکی خۆپیشاندانی بەرامبەر بکات، یەکێتی نیشتمانی حەقی خۆیەتی سزایبدا، ئەگەر دەرکەوت بەرامبەر ئیشوکاری ناوچەکە کەموکورییمان هەبووبێت ئامادەی سزادانین ناشکرێت یەکێتی دەستەوەستان بێت، دەبێت چارەسەرێکی ئەم کێشەیە بکات .

**لڤین: هەست بەوە دەکرێت کێشە هەیە لە نێوان نوێنەری حکومەتی هەرێم و ئیدارەی یەکێتی لە ناوچەکەدا ؟**

حەمەی حەمە سەعید : من هیچ کێشەیەك نابینم، لەهەموو ئۆرگانێك و تەنانەت لەماڵی خۆشتا جیاوازی هەیە لەسەر جۆری ئیشکردن و بەڕێوبردن، ئەگەر شتێکی لەوجۆرەش هەبێت کارێکی ئاساییە .

**لڤین: پێتوانییە ئەو رەخنانەی لە ناو یەکێتیدا ئاراستەی تۆ دەکرێت هەڵوێستی کوتلەیەکی دژ بەرامبەر ئێوە دەکرێت ؟**

حەمەی حەمە سەعید : شتی وانییە، ئەگەر بەبەڵگە هەیە لاتان بماندەنێ ئێمە قەناعەتی پێبکەین، خەڵکێك نابینم بە دەستەو گروپ و تەوەجوهێکی دیاریکراو شتێکی لەو جۆرەی کردبێت. من لەو رۆژەدا لەناوخۆپیشاندانەکەدا بووم داوام لە بەرپرسی کۆمیتە کردووە کە (( 500 )) کەسی رێکخستنەکانی ناو یەکێتی بنێرێتە ناو خۆپیشاندانەکەوە .

**لڤین: ئێوە پشتگیری لە خۆپیشاندان دەکەن و لەناو کۆمیتەی یەکێتیدا 500کەس دەنێرنە ناو خۆپیشاندانەکە هۆکاری ئەمە چییە ؟!**

حەمەی حەمە سەعید : ئەوانەی کە ناردوومانن بۆ ئەوە بووە کاری خراپ روونەدات و خۆپیشاندانەکە بەرەو ئاقارێکیتر نەڕوات، داواشم لە بەڕێوەبەری ئاسایشکرد بە هیچ جۆرێك تەقە لە خەڵك نەکەن ئەگەر ئاژاوەگێرییش روویدا، ئەوا خەڵکی رێکخستن بەرپەرچی ئەوانە بدەنەوە بۆ ئەوەی تەقە نەکرێت .. سوتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە لە ئەستۆی مندایە، چونکە لەگەڵ کاك((عومەر فەتاح)) دا رۆیشتینە سەرەوە و خوارەوەمان بەجێهێشت، بەڕێوبەری ئاسایش بە تەلەفۆن پێیڕاگەیاندم کە خۆپیشاندەران زۆریان بۆ هێناوین و دەچنە ناو مۆنۆمێنتەکەوە ، منیش وتم بابرۆن و ئاسایش بچێتە دەرەوەی مۆنۆمێنتەکە، کوژراوەکەش کە (( کوردە ئەحمەد )) بوو ئەندامی خۆمانە.

**لڤین: تۆ سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە دەخەیتە ئەستۆی خۆت، لە بەرامبەردا یەکێتی چ هەڵوێستێکی هەیە ؟**

حەمەی حەمە سەعید : یەکێتی خۆی دەزانێت بەرامبەر بە ئێمە چیدەکات و بۆچوونی خۆشی هەیە .

**لڤین: پێتانوایە بەشداری پارتی لەم رووداوەدا بەرامبەر بە رووداوی دهۆك و ئاکرێیە کە لە ناوەندەکانی ئیعلامی یەکێتی دا تیشکی ئیعلامی خرایە سەر، وەك دژە کردارێك بەرامبەر ئەو هەڵوێستە، بەشداری چالاکانەیان کردبێت ؟**

حەمەی حەمە سەعید : ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، تێگەیشتن و بۆچوونی پارتیش نازانم .

**لڤین: هۆکاری ئەو ململانێیەی نێو ریزەکانی یەکێتی و حیزبە سیاسیەکان لەناوچەکەدا بۆچی دەگێڕیتەوە ؟**

حەمەی حەمە سەعید : یەکێتی ململانێ و کێشەی نییە قابیلی چارەسەرکردن نەبێت، یەکێتی کاتێك دروستبووە چوار رێکخراوی سیاسی هەبوون هەریەکەیان بیر و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە : رەنجدەران، بزوتنەوە، خەتی گشتی و ئەمانەش بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبووە لە رابردوودا و خەڵکیش ئازادە لەوەدا، هەمووشی لە خزمەت یەکێتی و گەلی کورددا بووە، لەگەڵ لایەنە سیاسەکانیشدا دەبێت مونافەسە لە پێناو خزمەتکردندا بێت، لایەنێك نابێت خەڵکی سفر بکات کە خۆی هیچی نەکردبێت لە ناوچەکەدا، بەڵام کێشە و ململانێ ئاساییە و ئەمەشە جیاوازی دروستکردووە ..

**لڤین: باس لەوە دەکرێت کە بەڕێزت واز لە پۆستەکەت دەهێنیت و بەرەو دەرەوە دەڕۆیت ؟**

حەمەی حەمە سەعید : سەبارەت بەوە، لە نەورویج هەندێك کۆڕ و چالاکی رێکخستنەکانی یەکێتی هەبوو لەسەر هەڵەبجە و ئەنفال کە دوو سیمینار بوو،بۆئەوەش بانگهێشتی عارف قوربانی کرابوو لەسەر ئەنفال قسەبکات و منیش لەسەر هەڵەبجە قسە بکەم، هەرچەندە من کارەکەم دواکەوت بەهۆی کۆکردنەوەی دیکۆمێنت لەسەر هەڵەبجە، ئیتر ئەو بارە نائارامییە بەسەر هەڵەبجەدا هات و دواتریش بە ئیجازەی بەڕێز مام جەلال رۆیشتم بۆ ئەردەن بەڵام بەهۆی دواکەوتنی پاسپۆرتەکەم کەلە عەممان بوو نەمتوانی بەشداری بکەم و ئەمەیە کەلای خەڵك باس دەکرێت .

**لڤین: هەڵوێستتان بەرامبەر بە پارت و لایەنە ئیسلامییەکان چییە، دوای رووداوەکە؟**

حەمەی حەمە سەعید : ئێمە هەموو لایەکمان ئیمزامان کردووە کە دادگا و قانون قسەی لەسەر بکات، دنیاش کۆتایی نەهاتووە، نابێت بەو هۆیەوە سەنگەر لەیەکتر بگرین، سیاسەتیش بە بنبەست نەگەیشتووە و دەبێت دۆستی یەکتر بین ..